# هونەری میوزیك لە لاپەڕەكانی مێژووی ڕانیەدا

**قۆناغی سێیەم**

م. سەركەوت بورهان

دوای ئـەوەی كـە هـاوینی(١٩٨٧) تیپـی میوزیكـی رانیـە دوو بەرهـەمی بـۆ ( Tv كەركوك)لـە موسڵ تۆمـاركرد.. ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی كـە ببێتـە هاندەرێكی بـاش بـۆ ئـەندامان و زیـاتر پابـەندبوونیان بـە هونەرەكەی خۆیـان..ئیلتزامـاتی ئـەم تیپـە گەیشـتە ئـەوەی كـە رۆژانـە غیابـات دەستنیشـان بكرێتـو، ئابوونـەی مانگانـە كۆبكەنـەوەو، هەفتانـەش چـەندان كۆبوونەوەساز بدەن.

لەلایـەكی دیكـەوە هـەر بـە هـۆی ئـەم دوو



بەرهەمـەوە خـەڵكێكی زیـاتر رووی تێكردن وچوار دەوریان قەرەباڵغ تر بوو.. وە هەستان بـە دروستكردنی ستۆدیۆیەك لـە ناو مەڵبەندی لاوانی رانیـە بـۆ ئـەوەی بـۆ بەرهەمەكانی داهاتوویان ئـەوەندە زەحمەت نەكێشن و خۆیان تۆماری بكەن.. لە راستیدا ئـەندامان بـە پـارەو مـاندووبوونی خۆیـان ستـۆدیۆیەكەیان دروستكردو پێویسـتە بشڵێینمامۆسـتا(فـاضل مـەجید)كـە بەڕێوەبەری ئـەم مەڵبـەندە بـوو هاوكـاری باش و جدی دەكردین..ئەوكاتەی كـە تیـپ سـەرقاڵی نەخشـە دانـان بـوو بـۆ سـتۆدیۆ دروستكردن ،لەگەڵ (حەسەن حەمەد ئەمین سەرسـیانی و هـەژار محەمـەد رەسـوڵ) سـەردانی ئـەم مەڵبـەندەمان دەكـرد(مـن و حەسـەن) پـەیوەندیمان بەبەشـی میوزیـك كـردو،(هـەژار)یش چـووە تیپـی ئاسۆسـی شـانۆیی كـە سـەرقاڵی شـانۆگەری(ئـەو پیاوەی بوو بە سەگ) بوو، ئەمە مانگی ١١-١٢/١٩٨٧ بوو..لەو ساتە خوێندكاری پۆلی چوارەمی ئامادەیبیبووین و سـەرقاڵی كـاری رێكخستنیش بووینلەگەڵ (هـەژار)دا..دوای قبوڵكردنی داواكاریەكـەمان لەلایـەن تیپـی میوزیكەوە لە لایەن كاك(زمناكۆ زرار)یشەوە وانـە سـەرەتاییەكانی تیـۆرە میوزیكمـان خوێندو دوای چەند رۆژێك كـاك(كـارۆخی محەمـەد وەستا قـادر)یش بـۆ خوێنـدنی تیۆرەكان هاتە لامان.

دوای تـەواوكردنی وانـە تیۆریـەكان، تاقیكردنەوەمان ئـەنجامداو، بـە نمرەیـەكی باشـەوە لـەو تیپـە وەرگیراین و.. (حەسـەن) چووە سەر ئامێری (چەلۆ)و منیش لە رۆژی ١٩٨٨/٢/١٨ئـامێری(فلـوت)م وەرگرت ولـە لایـەن كـاك (رزگـار حەمەعـەلی)یـەوە چـەند وانەیـەكی سـەرەتایی پراكتیكیـم لەسـەر فلوت خوێنـد كـە فلوتێكـی ئـەڵمانی بـوو لەلام.. هاوكـات پرۆڤـە كردنمـان رۆژانـەش كارمان لەو ستۆدیۆیە دا دەكرد.

لـە راسـتیدا ئـەندامان حـەزو ئـارەزووی هونەرو كاریان زۆر بوو،بۆیە ئامادەی گشت ئەركێك بوون تەنانەگەت بە بێ مامۆستای ئامێرەكانیشەوە كۆڵمان نەدەدا، بۆ نمونـە من لە شەش مانگیی چوونە ئەم تیپەوە بۆ یەك جار مامۆستا (هیوا مستەفا)م بینی ئەمیش تاقیكردنەوەكەی پێ ئەنجامداین.. هەر بۆیە وەكـو خـەونێك هاتـە بـەر چـاوم، رۆژێك لە گەرمەی پرۆڤەدا دەنگی (فادێن)م پـێ نـەدەزانی لەسـەر ئامێرەكـەم كـاك( سەرتیپ ئەحمەد) عازف فلوتی كۆیە هاتە لام و گشـت راهێنانـەكانی لێپرسـیمەوەو زۆریش خۆشحاڵ بووم..

لە دوای تەواو بوونی ستۆدیۆكە ئەندامانی تیپ بەڵێی تۆماركردنی چەند بەرهـەمێكیان بـە (بەكریلـەگزی)دابـوو، لـە مـاوەی مانگــەكانی (٣و٤و٥ /١٩٨٨ )رۆژانــە پرۆڤـەیان دەكـردو كاریـان لەگـەڵ(لـەگزی) دادەكـرد .. لـە هـەمان كاتیشـدا چـەند برادەرێكـی حیزبـە جۆراوجۆرەكـانی رۆژهەڵاتی كوردستان دەهاتن و دەیانویست كاری هونەری لەو ستۆدیۆیەدا بكەن..

لـەو كاتەشـدا مامۆسـتا ( هیـوا مستەفا)خولێكـی میوزیكـی كـردەوە كـە نزیكــەی (٦٠) خوێنـدكـاری نـاوەندی پـەیوەندیان كـردو بەشـێكی زۆریـان لـەو شارەدا جێ پەنجەیان دیاربوو كە (نـەهرۆ سـەردار، بـەهزاد رەسـوڵ، ئاریـان ئیسماعیل،خالید حەمـە سدیق،بێستون محەمەد، حاتم عەبدوڵلا، كامـەران ئەنوەر، ئـاری ئـەمیر، پێشـرەو لـەتیف...هتـد) بەشداری ئەم خولەیان كرد.لەسەرجەم ئەم (٦٠) بشـداربووەدا نزیكـەی (١٠-١٥) كەسـیان مانـەوە تیپێكـی منداڵانـەیان بـە ناوی(زۆزك) دروستكرد..

دوای تەواوبوونـە پرۆڤـە لەگـەڵ(بـەكری لەگزی)دا شەوێك بڕیاری تۆماركردنیانداو ئامێرەكانی تۆماركردنیان لەلایەن كۆمەڵەی ئێرانەوە هێناو دەستیان كرد بە تۆماركردن تـاوەكو كـاتژمێر(٢)ی شـەو چـەند بەرهەمێكیان تۆماركرد... لەو كاتەدا تیپی پاشـای گـەورەی رەوانـدز لـە لوتكـەی هونەرێتی دابوو(بەكری لەگزی)بە بێ پرسی تیپـی رانیـە چـوو لـە رەوانـز گشـت بەرهەمـەكانی تۆمـاركردەوەو بـڵاوی كردنەوە.

لە بـەهاری سـاڵی (١٩٨٨) دوو مامۆسـتای هونـەری كـە خـەڵكی سـلێمانی بـوون بـە ناوەكانی( سـەرگوڵ ، گەشە) هەسـتان بـە ئامـادەكردنی ئۆپـەرێتی(پەپوولــە) ئاوازەكـانی ئـەم ئۆپەرێتە (هیـوا مسـتەفا) ئامادەی كردبوون...

تیپـی میوزیكـی (زۆزك ) بەرەبـەرە بـە ئامادەكردنی چـەند گۆرانیـەك و سـروودێك خـۆی ئامادەكردبۆ ڤیستڤاڵی مەڵبـەندەكان كە لـە( دهـۆك) سـاز دەدرا، ئـەم تیپـە لـە ١٩٨٨/١٠/٣٠ لە دهـۆك لـەناو(١١) تیپدا پلـەی یەكـەمی بەدەسـتهێنا..كـە (هیـوا مستەفا) سەرپەرشتی تیپەكەی دەكرد.

لـەو كاتـەدا بـە پشـتگیری (مـن و حەسـەن) (نیهاد حەمە عەلی) هاتە ناو تیپ و سەرەتا ئـامێری (ترامبێـت) ی هـەڵبژاردو دوایـی چـووە سـەر (كەمانچە).. تیپـی (زۆزك) بـۆ رازیكردنی دڵی دەسەڵاتی ئەوكاتە جارجار دەبران بۆ( مونەزەمەو فیرقەی چوارقورنە)بۆ سـازدانی ئاهـەنگ و سـروودی (وطـن مـدی)شیان پـێ ئامـادەكردبوون.. جگـە لەمـەش لـە بۆنـەكانی سـەری سـاڵ و نەورۆزیشدا ئاهـەنگیان دەگێڕا، ئـەم تیپە تاكو ساڵی (١٩٩١)و كاتی راپەڕین بەردەوام بوو..

بەر لـە راپـەڕین بەشـێكی زۆری ئـەندامانی ئـەو تیپە هـەر كەسـەو لە پلەوپایـەی خـۆی پەیوەندیان بە شانەكانی بروسكەوە كردو نزیكـەی (٤) شـانەی چالاكیـان لـەم تیپـەدا دروستكرد.

لـە گەرمـەی یەكـەم رۆژی راپـەڕیندا ئـەم هونەرمەندانـە پارێزگاریـان لـە مەڵبـەندی لاوان كردو پاراستیان و نەیانهێشت تاڵان بكرێت و شەوانەش تاوەكو بەیانی ئێشكیان لێدەگـرت و بـوو بـەخاڵێكی باشـیش بـۆ ئاسایشی ناو شار لە شەواندا..

دوای چەند رۆژێك ئیزگەی مەركەزە دەنگی گەلی كوردستان هاتنە لامان و ئەو كاتە ئێمە لـە گەرمـەی پرۆڤـە بووین بـۆ ئاهـەنگی سـەركەوتنی یـەكجارەكی.. دوای نیوەڕۆیـەكیان كـاك (نەوشیروان مسـتەفا) هاتـە ئـەم مەڵبـەندەو لەگـەڵ رێكخسـتن و حزبیـەكاندا كۆبـۆوەو ئێمـەش پرۆڤـەمان راگـرت و سـەردانمان كـردو بـەخێرهاتنمان كرد..

كـاتێك كـە ئیزگـەی گـەلی كوردسـتان لـەو مەڵبـەند بـوون، ئێمـە برادەرایـەتیمان لەگـەڵیاندا كـردو ئـەوان سـەردانیان دەكردین و ئێمەش دەچووینە لایان.وە هـەر